News making
هەواڵسازی
ڕاستی بەهادین مەجید

وانەی یەکەم

- **هەواڵ چیە؟♦**

- **هەواڵ بەواتای گەیاندنی زانیاری دێت لەبارەی هەرشتێک ببێتە جێگای سەرنجی کۆمەڵگا هەر ڕووداوێک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی هاوڵاتیانەوە هەبێت ، هەواڵ خاوەنی دوو تایبەتمەندی سەرەکیە کە)نوێبوون ، جێگای سەرنجە(هەروەها بنەماکانی هەواڵی تێدا بێت و بۆ بڵاوکردنەوە گونجاو بێت.**

- **چی ئەبێتە هەواڵ ..؟♦♦**

- هەموو جۆرە چالاکیەک هەواڵە، هەربڕیارێک لەلایەن هەر بەرپرسێک یان دامەزراوەیەکی حکومی یا حیزبی یا ڕێکخراوەی ،بدرێت هەواڵە، ڕوودانی کارەسات و بڵابوونەوەی نەخۆشی هەواڵە ڕوودانی جەنگ و ناکۆکی سیاسی هەواڵە، هاتنی کەسایەتیەک یان گیانلەدەستدانی کەسایەتیەک هەواڵە، هەڵوێستی لایەنێک یان .کەسایەتیەک هەواڵە هەر شتێک گرنگ و جێی بایەخ بێت هەواڵە
- ......

- ♦ هەواڵ دەبێت چۆن بێت ؟

- . ١ـ هەواڵ دەبێت ڕاست و ڕوون)شەفاف (و بێلایەن بێت

- .٢ـ گونجاو و شیاو بێت بۆ بڵاوکردنەوە

- . ٣ـ هەواڵێکی نوێ و کورت و پوخت و کاریگەر بێت

- ٤- بوێر و پیشەییانە بێت)لەئیتیکی هەواڵ(لانەدات .

- ٥- پێویستە هەواڵەکە زانیاریەکی گرنگ بێت .

- ٦ـکات و شوێنی هەواڵەکە زانراو بێت .

- ٧- بنەماکانی هەواڵی تێدابێت و هۆکارەکەی دیاربێت .

- ٨- ناوزڕاندن و تەشهیر و سوکایەتی پێکردن نەبێت .

- کەمبوونەوەی بەهای هەواڵی چیە ؟♦♦

- کاتێک ئێوە لە بارەی هەواڵەوە قسە دەکەن دەبێت هێما بۆ ئەو ڕوداوانە بکەن کە بۆ ئێمە گرنگ و جێگای بایەخە، نەک مانشێتەکەتان بەجۆرێک و ناوەڕۆکی بەجۆرێک بێت ، گەر ئێوە

میدیاکارێکی سەرکەوتووبن ئەوە ئێوە تێدەگەن هەڵەیەکی لەم شێوەیە چەند "لە بەهای میدیایتان کەمدەکاتەوە "ئەمە پێیدەوترێت کەمبوونەوەی بەهای هەواڵی "بەهۆی ڕاکێشانی خوێنەر و" هەڵخەڵەتاندنی،

- **بۆ نموونە لەسەردێری هەواڵەکە نوسیوتانە سەرۆک وەزیران دیاری کرا، لە ناوەڕۆک دەڵێن هێشتا دیاری نەکراوە!ئەم هەواڵە هەم درۆیەکی شاخ دارە هەم فێل کردنە لە خوێنەر**
-
- **............**
- **وانەی دووەم**
-
- **: ئەو هەواڵانەی ڕێگەیان پێنەدراوە بۆ بڵاوکردنەوە ❌❌**
-
- **. ١- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی دەبنە هۆی کوشتنی کەسێک**
-

- ٢- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کەشیرازەی خێزان و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی لەشارێک تێک دەدات .
-
- ٣- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان یان دامەزراوەکان هەیە.
-
- ٤- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کێشەی سیاسی یان کۆمەڵایەت لێ ئەکەوێتەوە.
-
- ٥- بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی تەشهیر)ناوزڕاندن (و سوکایەتی بە کەسێک یان لایەنێک تێدایە .
-
- .....
- چۆن بەدواداچوون ئەکەیت؟♦
-

- بەدواداچوون واتە ئیمە کاتێک دەمانەوێت هەواڵێک بنوسین و زانیاریمان بەدەست گەیشتووە ,یان لەشوێنیکی دیکە ئەو هەواڵەمان بینیوە یان بیستووە ,بەڵام ڕەنگە ئەو هەواڵە ڕاست نەبێ و هەڵبەستراوبێت ,یان کەسێک یان لایەنێک بۆ بەرژەوەندی و مەرامی خۆی بەکاریبهێنێ .
-
- بۆ بەدواداچوون دەبێت پرسیار لە هەر کەس و شوێن و لایەنێک بکەیت کە پەیوەندی بەو هەواڵەوە هەیە بۆ نموونە هەواڵێک بڵاوبۆتەوە گوایە ژمارەیەک زیندانی هەڵهاتوون بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی ئەم هەواڵە هەوڵدەدەیت ژمارەی تەلەفون یان ئەکاونت یان پەیجی وتەبێژی پۆلیسی ئەو ناوچەیە ، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو ناوچەیە وەرگرەو بیان دوێنە لەڕێگەی پرسیارەوە لەڕاست و درووستی هەواڵەکە بکۆڵەرەوە، تەنانەت گەر پێویست بوو سەردانی ئەو شوێنەش بکە بۆ وەرگرتنی لێدوانی لەلایەنی پەیوەندیدار

- ....
- وانەی سێیەم
-
- ڕەگەزەکانی هەواڵ چین ؟ ♦
-
-)ە کان ئەداتەوە کە ئەمانەن wh ڕەگەزەکانی هەواڵ وەڵامی پرسیارە

...What, Where , When, Who, Why,

- ئەبێ هەواڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە ، گەر هەمووشی نەبێ

ئەبێ سیانی تیابێ

- ، ڕەگەزەکانی هەواڵ ئەم شەش دانەیەن)کێ ، چی ، بۆچی ، لەکوێ

.(چۆن ، کەی

-
- نمونە وادانێ ڕووداوێکی هاتووچۆ ڕوویداوە

- لەڕێگەی وەڵامی ڕەگەزەکانی هەواڵەوە ئەتوانین زانیاری لەسەر ڕووداوەکە کۆبکەینەوە بەپرسیارکرد لەکەسی مەبەست کە ئەمانەوێ زانیاری لێوەربگرین
- بەم شێوەیە :
-
- ڕەگەزی هەواڵ)چی : (ڕووداوەکە چی بوو ؟وەڵام ڕووداوی هاتووچۆ
-
- لەکوێ ڕوویدا ؟ دوو ڕیانی سەت مەتری
-
- بۆ یان بۆچی ڕوویدا ؟ بەهۆی تیژڕەوی و پابەند نەبوون بە ڕینماییەکانی هاتووچۆ .
-
- کێ بووە قوربانی ؟ تا ئێستا سێ کەس بریندارن گیانلەدەستدان نیە .
-

- چۆن ڕوویدا ؟ ئۆتۆمبێلی یەکەم کە لەجۆری تۆیۆتا لاندکرۆزەر بوو بێ گوێدانە ترافیکی سور بەخێراییەکی زۆر خۆی کێشا بە ئۆتۆمبێلی دووەم دا کە لەجۆری نیسان سەنی بوو .
-
- ڕووداوەکە کەی ڕوویدا؟ پێش نیوەرۆی ئەمڕۆ سێ شەممە ٢٠٢٠/٤/٢٤ کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی .
-
- پاشان ئەتوانین لەڕێگەی ئەو زانیاریانەی کەکۆمانکردۆتەوە هەواڵەکە بنوسین و بەشیوەیەکی جوان ڕێکی بخەین.
-
- ♦ئەتوانن لای خۆتان ڕووداوێک بەنموونە بهێننەوە و لەڕێگەی ڕەگەزەکانی هەواڵەوە وەڵامی پرسیارەکانتان دەست بکەوێت بۆ زیاتر تێگەیشتنی خۆتان ♦
-
- ......

-

- خاڵبەندی لەنوسینی هەواڵدا چۆنە ؟♦

-

- ١- لەکۆتایی هەموو ڕستەیە کە قسەکە تەواو ئەکەی نوقتە (.)دابنێ

-

- ٢- گەر باسەکە تەواو نەبوو فاریزە)، (دانێ

-

- ٣- گەر باسەکە تەواو بوو بەڵام هەر درێژەی هەبوو نوقتە (.)دانێ و لەدوای نوقتەکە دەست پێبکەوە

-

- ٤- گەر باسەکە تەواو بوو لەسەری نەڕۆشتی نوقتەت (.)دانا بۆ شتێکی تر ویستت باسی بکەی بڕۆ سەری دێڕ

-

- ٥- هەرگیز ئیمۆجی و کۆمەڵە نوقتە (.......)ئەو نوقتانە وە کۆمەڵە فاریزە)،،،،(دامەنێن لەبەهای هەواڵ کەم دەکاتەوە .

-

- ٦-گەر لێدوانی کەسێک یان لایەنێکی پەیوەندیدارت بەهەواڵەکەت وەرگرت قسەکانی بخەرە ناو " "دەبڵ کۆتێشنەوە "لێدوانی کەسەکە" .

-

- ٧-هەوڵ بدە ناو دووبارە مەکەوە گەر کەسێک چەند جارێک قسە و لێدوانی بۆدایت تەنها جاری یەکەم ناوی بنوسە جاری دووەم و بیکە بە)ناوبرا وتیشی(.

-

- ٨- ئەم دوو نوقتەیە (:)قسەی کەسێکە واتای ئەوەیە کەسێک قسەکەی کردووە، لەدوای ناوی قسەکەرەکەوە دای ئەنێین پاشان قسەی کەسەکە ئەنوسین لەمانشێت دا بەکاردێت.

-

- ٩- ئەم دوو نوقتە ئاسۆییە (..)لەهەواڵ دا بۆ ڕوونکردنەوەی هەواڵ بەکاردێ ، وە گەر لەکۆتایدا هەبوو واتە ئەم هەواڵە درێژەی هەیە .
-
- نمونە :
-
- سلێمانی..
- یان
- راستەوخۆ..
- ئەم دووانە تەنها ڕونکرنەوەیە نەک بڵێین لە هەواڵەکە ئەم خاڵانە هەبن.
-
- یان هەندێ جار لە تەلەفیزیۆنیش دەنووسرێ : ↓
-
- میصر ..سێ حاڵەتی نوێی کۆرۆنا تومارکران

•

• لێرە بە هەمان شێوە تەنها ڕونكردنەوەیە بۆ بینەر ئەگینا لە

.هەواڵەكە نیە یانی بۆ مانشێت خەڵەتە ئەو (..)یە

......

وانەی چوارەم♦♦

¶ پێویستە لەكاتی نوسینی هەواڵدا ئاگاداری بەكارهێنانی وشەی♦

١ .وشەی "دانی بەوەدا نا "یان "ئەوەی دركاند "چونكە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كەسێک هەڵەیەک یان تاوانێكی كردووە، ئەم وشانە بۆ كارمەند و لێپسراوی .ئەمنی گونجاوە لەكاتی دانپێدانانی تاواندا نەک هەواڵساز

٢ .وشەكانی وەک "تەئكیدی كردەوە "، "ئاماژەی بۆ ئەوەكرد "، "جەختی لەوە كردەوە "چونكە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە تۆ زیاتر باوەڕت بەقسەی .سەرچاوەكە هەیە

٣ .وشەی "گوایە "کە گومان دروست ئەکات لەلای خوێنەر و بینەر و بیسەر

٤ .بەهیچ شێوەیەک ئەو وشانە بەکارمەهێنە کە)ترس و ئومێد(ی تیایە، چونکە بێلایەنیت ئەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

دەتوانیت لەجیاتی هەموو ئەم وشانە وشەی “وتی ” بەکاربهێنی چونکە بێ 👈

👉لایەنە

....

چی ئەکەیتە سەرچاوەی هەواڵ؟

سەبارەت بەسەرچاوەی هەواڵ♦♦

١ .گەر هەواڵسازی کەناڵێک بوویت پەیامنێری ئەو کەناڵە ئەبێتە سەرچاوە بۆ♦ تۆ واتە تۆ بۆ نوسینی هەواڵەکەت زانیاریەکان لەئەو وەرەگری .

♦٢ .گەر خۆت جگە لەوەی هەواڵسازی پەیامنێریش بووی لێدوانی کەسی بەرپرس و شارەزا و هاوڵاتیان لەو بوارە وەرەگری لەڕێگەی پرسیارەوە قسەکەرەکان ئەبنە سەرچاوە بۆ تۆ .

♦٣ .گەر هەواڵسازی سۆسیاڵ میدیا بوویت وەک سایت و پەیجەکان ئەوا پێگە و سایت و پەیجە فەرمیەکان ئەبنە سەرچاوەی هەواڵت واتە تۆ ئەتوانی لەسۆشیاڵ میدیاوە هەواڵت دەست بکەوێت بەڵام پێویستە بەدواداچوون بکەیت بۆ ڕاستی هەواڵەکەت .

♦٤ .وە دەتوانی لەڕێگای هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەواڵت دەست دەکەوێت یان لە بۆنەکان یان لە دامەزراوەکانی حوکمی یان نا حوکمی یان لەسەر شەقام .

♦♦تێبینی :گەر تۆ لەکەناڵێک هەواڵسازیت کرد، بەهیچ شێوەیەک هەواڵی بێ سەرچاوە دامەنێ و پۆست مەکە بەتایبەت گەر هەواڵەکە تایبەت بوو بەلایەنی

،دەسەڵات و حکومەت یان کەسایەتیەکی بەناوبانگ یان بابەتێکی هەستیار

چونکە ئەو کەس و شوێنانە بەتۆمەتی)تەشهیر و ناوزڕاندن و پڕوپاگەندە

، بڵاوکردنەوە (دەتوانن سکاڵا لەسەر خودی خۆت و شوێنی ئیشەکەت بکەن

هەوڵبدە دڵنیابیتەوە لەوەی کە سەرچاوەکەت فەرمیە، هەروەها ئەو دەق و وتار

و ڕاگەیەندراوانەی کە لەزاری حکومەتەوەن بێ دەستکاری و وەک خۆی

. " " بنوسەوە لەناو ئەم دەبڵ کۆتێشنەدا

بۆنمونە /وادانێ لێدوانێک لەلایەن بەرپرسێکی حکومەتەوە دراوە بەم شێوەیە

: ئەینوسین

هاوکات ئەو بەرپرسەی حکومەت وتیشی "ئێمە هەموو هەوڵێک ئەیەین بۆ

گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراو کە بریتیە لە بەڕێوەبردنێکی هاوسەنگ و

سەقامگیری و ئاشتەوای نەتەوەی و پێکەوە ژیانی هەموو چین و توێژو

."nنەتەوەکان دوور لەهەموو توندڕەوی و جیاوازیەکی چینایەتی

...

وانەی پێنجەم

جیاوازی چیە لە نوسینی هەواڵ بۆ تی.ڤی ، ڕادیۆ ، و سایت و ڕۆژنامە♦♦

لەڕووی کات و شێوازی نوسینەوە ؟

هەواڵ بۆ تیڤی لە دوو خولەک و نیو زیاتر نیە وە پێویستە بەشێوەیەکی *♦

کورت و پوخت و ڕوون هەواڵەکە بنوسریت چونکە "میدیای بینراوە", "

"بۆ ڕادیۆ لە سێ خولەک زیاتر نەبێ چونکە ڕادیۆ "میدیای بیستراوە **♦

زیاتر گرنگی بە خوێندنەوە ئەدرێ نەک هەواڵسازی

بۆ ڕۆژنامە)میدیای خوێندراو (و سایت)میدیای ئەلیکترۆنی (دەبێت لە 500***♦

وشە زیاتر نەبێ چونکە لێرەدا زیاتر گرنگی بە شێوازی خاڵبەندی و سەرنج

ڕاکێشی نوسین ئەدرێت .

هەواڵ و ڕاپۆرت زۆر جیاوازیان نیە بەڵام ڕاپۆرت درێژترە لە هەواڵ، وە*♦**

ڕائی تیایە.

هەواڵ یەک خولەکە ئەو پەڕی دوو خولەکە

لە 200 وشە زیاتر نیە بۆ تی.ڤی و ڕادیۆ.

لە بابەتی گرنگ و کات و شوێن ئەبێ دەست پێبکەی*♦

بەچی دەستت پێکرد بەوە کۆتایی پێبێنە هەواڵ بەڵام با زۆر وشەی دووبارەی

تیانەبێ.

....

بەروارەکانی هەواڵ♦

بەشێوەیەکی فەرمی بۆ بەروار لەهەواڵ دا مانگی زاینی بەکاردێنین کە ئەمانەن :

مانگی ١ کانوونی دووەم♦

مانگی ٢ شوبات♦

مانگی ٣ ئادار♦

مانگی ٤ نیسان♦

مانگی ٥ ئایار♦

مانگی ٦ حوزەیران♦

مانگی ٧ تەموز♦

مانگی ٨ ئاب♦

مانگی ٩ ئەیلول♦

مانگی١٠ تشرینی یەکەم♦

مانگی ١١ تشرینی دووەم♦

مانگی ١٢ کانوونی یەکەم♦

تێبینی //بەکارهێنانی بەروار لە کەناڵێک بۆ کەناڵێکی کە یان لەسایتێک بۆ سایتێکی کە یان بۆ پەیجێکی کە ئەگۆڕێت جونکە هەر دەزگا و کەناڵ و شوێنێک یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و ئەو کەسانەی لەوشوێنە ئیش دەکەن پێویستە پێوەی پابەند بن ،، هەندێک شوێن ڕاستەوخۆ مانگە کوردیەکان بۆ بەروار بەکار دێنێ هەندێک شوێنی دیکە بەژمارە بەروار ئەنووسێت بۆ نمونە لەجیاتی

بنوسێت ٢٣ی نیسانی ٢٠٢٠ ، ئەنوسێت ٢٣ی٤ی٢٠٢٠ ، وە بەروار زیاتر لەبەشی پێشەکی بەکاردێت.

بۆنمونە/

ئەمڕۆ دووشەممە ١١ی ئایاری٢٠٢٠، فراکسیۆنەکان لەپەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا و تێیدا تاوتوێی پرۆژەیاسای چاکسازی و دوو پرۆژەیاسای چاکسازی و دوو پرۆژە یاسای دیکەیان کرد

....

وانەی شەشەم

جۆرەکانی هەواڵ چین ؟ ♦

هەواڵ چەند جۆرێکی هەیە کە ئەمانەن :

1- هەواڵی بەپەلە ،

2- کورتە هەواڵ،

3- هەواڵی تەواو ،

4- ڕاپۆرتە هەواڵ ،

5- هەواڵی چاوەڕوانکراو)ئەو هەواڵانەن کەپێشتر ڕوونکردنەوەت داوە بەبینەر

یا خوێنەر و چاوەڕوانی هەواڵەکەیە).

6- هەواڵ لەشێوەی چیرۆک,

7- بەدواداچوونە هەواڵ,

8- بەردەوامە هەواڵ)ئەو هەواڵانەی پێویستیان بەدرێژەپێدانە بۆ چەند ڕۆژێک

وەک هەواڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا),

9-شیکردنەوە هەواڵ,

10_کاریکاتێرە هەواڵ)لەڕێگەی کاریکاتێرەوە هەواڵەکەت ئەگەیەنیت زیاتر

هەواڵی تەنزە ئەم جۆرە و بەزۆری لەڕۆژنامەدا بەکاردێت),

11- ڕیکلامە هەواڵ,

....

♦بۆ نوسینی هەواڵ چیت پێویستە ؟

١ـ سەرەتا بزانە ئەو هەواڵە بێلایەن یان بۆ ئۆپۆزسیۆنە یان بۆدەسەڵاتە بەپێی ئەو شوێنەی ئیشی لێ ئەکەیت ئەگۆڕێت .

٢ـ هەواڵەکە ڕوون و شەفاف بێت هیچ گرێ کوێرە و ناڕوونیەکی تیانەبێت.

٣ـ بۆ هەر هەواڵێک بەدواداچوون بکە گەر هەواڵ بەدواداچوونی تیانەبێت هەواڵێکی سەقەتە جێگای متمانە نیە.

٤ـ هەبوونی پلان واتا بزانی لەکوێوە دەست دەکەیت بەنوسینی، سەردێڕی هەواڵەکەت چیە .

٥ـ هەموو ڕەهەند و لێکەوتەکانی ئەم ڕووداوانە لەمێشکی خۆت تاوتوێ بکە لێکی بدەوە.

٦ـ هەواڵەکە وەک خۆی بگوازەوە

....

وانەی حەوتەم و کۆتای

چۆن هەواڵ دادەڕێژیت ؟♦♦

. ـ دەبێت بەزمانێکی سادە و پاراو هەواڵەکە دابڕێژی1♦

، ـ ڕەگەزەکانی هەواڵی تێدابێت)چۆن؟ ، چی؟ ، لەکوێ؟ ، کێ؟ ، بۆچی؟2♦

.(کەی؟

ـ بەهاکانی هەواڵی تێدابێت)بایەخ و گرینگی ,نزیکی جوگرافی و ویژدانی و3♦

کلتوری ؛ مەزنی ناوبانگی ؛ تازەیی و خێرایی و سەرنج ڕاکێشی وخرۆشان و

. (سەیروسەمەرەیی

پێداچوونەوە بکە، پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بخوێنەرەوە، هەڵەی -4♦

.نوسین و خاڵبەندی و ڕێزمانی و وشە زیادە و ناپێویستەکان بسڕەوە

♦5- خۆت)با هەواڵەکە ڕوون و شەفاف بێ و ڕەوانی باسکردنی تێدابێت

لەوردەکاری ژمارەدا نقوم مەکە) .

♦6- پێویستە پاشخان هەبێت واتە زانیارییە مێژووی و لاوەکیەکان بەپێی

گونجان دابنێ لەهەواڵەکەتدا.

♦7- وردبین بە، با هیچ کەم و کورتی لەهەواڵ نەبێت.

♦8پێویستە هەواڵ زیاتر لەسەرچاوەیەک بەکاربهێنرێت - .

♦9- بەدواداچوون بۆ هەواڵەکەت بکە .

♦10- هاوسەنگی، بێلایەن بە و لایەنگری لایەنێک مەکە، وە نابێت بیروڕای

خۆت بخەیتە ناو هەواڵەکە.

....

چۆن هەواڵ دەنوسیت ؟♦

بۆ نووسینی هەواڵی تەواو و ڕاپۆرتە هەواڵ بەم جۆرەیە

: سەرەتا هەر هەواڵێک دەبێ♦♦

سەردێڕێکی)مانشێت (هەبێت کە :نووسینی ناونیشانی هەواڵەکەیە و کورت♦*1 و پڕو چڕەو زۆرجار دەبێتە ناونیشانی هەواڵ لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە دەنووسرێت سەردێڕ پوختەی هەواڵەکەیە.

دوای سەردێڕ پێشەکی)لێد (دێ لە پێشەکیەکە بەگشتی باسی بابەتەکە ♦♦*2 دەکەیت بەشێوەیەکی کورت، کورتەیەک دەربارەی بابەتەکەی تێدایە و ناسنامەی کەسەکان و شوێنە پەیوەندارەکان بە هەواڵەکە ئاشکرا دەکات، پێویستە لە ٣٠ وشە زیاتر نەبێت.

دواتر ناوەڕۆک دێت♦♦♦*3

لە ناوەڕۆک بابەتەکە بەتایبەتی باس دەکەیت و قسەی لایەنی بەرپرس لە بابەتەکە دەنووسێت و لێدوان وەردەگریت، دەکرێت بەچەند بەشێکەوە وەڵامی سەرجەم ڕەگەزەکانی هەواڵی تێدایە .

دوای ئەوە ئەنجام دێت، دەبێت بلێیت ئەنجامی ئەم هەواڵە♦♦♦♦*4

چیە)هەواڵەکەت کۆتای پێهاتووە یان درێژەی هەیە (؟ .تێبینی/ هەندێ هەواڵ مەرج نیە ئەنجامی هەبێت .

" بۆ نمونە گەر لەسەر لافاو هەواڵێک بنوسین بەم جۆرە دەبێت♦

.کەشناسی هۆشداری دەدات لە ئەگەری دروستبوونی لافاو)ئەمە سەردێڕ (♦

دوای سەردێڕ پێشەکی دێ♦

بەهۆی زۆری باران بارین و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕوبارەکان، ئەگەری" دروستبوونی لافاو لە چەن ناوچەیەکی هەریمی کوردستان دەکرێت،

که لەم چەن ڕۆژەی رابردووشەوە چەندان ماڵ و گەڕەک بەهۆی زۆری باران

بارین و دروستبوونی لافاو چۆڵکراون"ئەمە پێشەکی

دواتر ناوەڕۆک دێت♦

بەڕێوبەری گشتی کەشناسی هەرێم)ناوی کەسەکە :(هۆشداری دەدات"

لەئەگەری دروستبوونی لافاو لە چەن ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان ، بۆنموونە

.ناوی ئەحمەد محەمەدبێت، دەڵێیت.

هاوکات ناوبراو ووتیشی

بەهۆی کاریگەری و هێزی پەستان لە دەریای ناوەڕاستەوە هەرێمی کوردستان

کەوتۆتە ژێر کاریگەریەکی قورسی باران بارینی زۆرەوە کە ئەگەری هەیە بۆ

ماوەی چەن کاتژمێرێک بەردەوام بێت

بۆیە داوا لە هاولاتیان دەکەین لە ناوچە ئاویەکان دوور بکەونەوە

بەهۆی مەترسی زۆربوونی ئاوی رووبارەکان"ئەمە ناوەڕۆک

دوای ئەوە ئەنجام دێت بۆ نمونە♦

دەبێ بلێیت ئەنجامی ئەم هەواڵە و باران بارینە چیە

بەم هۆیەشەوە حکومەتی هەریمی کوردستان دڵنیایی تەواو دەداتە هاوڵاتیان"

کە ئامادەکاری بۆ ئەگەری دروستبوونی هەر جورە لافاوێک کردووە لەسەنتەری

شارەکان و دەوروبەری و تەواوی مەنهۆل و ڕێرەوی ئاوەڕۆکانیش

کراونەتەوە، هیچ مەترسیەک لەسەر گەرەگ و خانووی هاولاتیان لەم ناوچانەدا

نیە"

ئەوە هەواڵەکە تەواو

⬇⬇ هەواڵەکەمان بەم شێوەیە دەبێت♦♦♦

کەشناسی هۆشداری دەدات لە ئەگەری دروستبوونی لافاو

بەهۆی زۆری باران بارین و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕووبارەکان، ئەگەری

دروستبوونی لافاو لە چەن ناوچەیەکی هەریمی کوردستان دەکرێت، کە لەم چەن

ڕۆژەی رابردووشەوە چەندان ماڵ و گەڕەک بەهۆی زۆری باران بارین و دروستبوونی لافاو چۆڵکراون.

لەم بارەیەوە بەڕێوبەری گشتی کەشناسی هەرێم "ئەحمەد محمد "هۆشداری دەدات لە ئەگەری دروستبوونی لافاو لە چەن ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان .

"هاوکات ناوبراو جەختی لەوەشکردەوە

بەهۆی کاریگەری و هێزی پەستان لە دەریای ناوەڕاستەوە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ژێر کاریگەریەکی قورسی باران بارینی زۆرەوە کە ئەگەری هەیە بۆ ماوەی چەن کاتژمێرێک بەردەوام بێت، بۆیە داوا لە هاولاتیان دەکەین لە ناوچە ئاویەکان دوور بکەونەوە بەهۆی مەترسی زۆربوونی ئاوی ڕووبارەکان."

بەم هۆیەشەوە حکومەتی هەریمی کوردستان دڵنیایی تەواو دەداتە هاوڵاتیان کە ئامادەکاری بۆ ئەگەری دروستبوونی هەر جورە لافاوێک کردووە لەسەنتەری شارەکان و دەوروبەری ,و تەواوی مەنهۆل و ڕێرەوی ئاوەڕۆکانیش

کراونەتەوە، هیچ مەترسیەک لەسەر گەڕەگ و خانووی هاولاتیان لەم ناوچانەدا نیە

....

تێبینی :ئەمە هەواڵەکەمان تەواوە، سەبارەت بەنوسینی ناوی هەواڵ سازەکە♦♦

ئەو کەسەی هەواڵەکەی نوسیوە بەپێی ئەو دەزگا یان کەناڵە یان پەیج و وێبسایتە هەواڵیە ئەگۆڕێت

بۆ نموونە گەر هەواڵەکە بۆ کەناڵ و پەیجی کەناڵ بوو ئەوا لەکۆتای هەواڵەکە ئەنووسی

، ، ئامادەکردنی هەواڵ :ناوی خۆت

یان گەر بۆ پەیج و وێبسایتی هەواڵی بوو لەدوای سەردێرەوە ئەنوسیت

: ناوی ئەو شوینەی ئیشی لێ ئەکەیت)ناوی پەیج یان وێبسایتە هەواڵیەکە(

. ناوی خۆت

ئەمە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی کە ئەگۆڕێت خۆیان شێوازی نوسینی ناوەکەتان پێ ئەڵێ

...

ئامادەكردن / ڕاستی بەهادین مەجید